Lue lapselle.

زانیاری تایبەتی دایك و باوك:
گرینگی کتێب خوێندنەوە بۆ منداڵ

# کتێب خوێندنەوە بۆ هەموو قۆناغەکانی تەمەن پێویستە



1. لە داهاتوودا لە کۆمەڵگا باوڕبەخۆبوونی زیاتری هەیە و کەسێکی کۆمەڵایەتی دەبێ
2. رووبەری وشەزانی فراوانتری دەبێت
3. لە فێرگەدا سەرکەوتووتر دەبێت
4. ژیانی سەربەخۆ باشتر دەست پێدەکەن
5. لە ماڵەوە زیاتر قسە دەکە
6. لە گەورەساڵیدا فعالتر چالاکتر و کۆڵەرەوەتر دەبێت
7. لە گەورەساڵیشدا زیاتر دەخوێنێتەوە

## بەدەنگی بەرز کتێب خوێندنەوە باشترین رێگای سەرمایەگوزارییە بۆ داهاتووی منداڵان.

کۆڵەکەی توانایی و حەز بۆ خوێندنەوە لە سەرەتاکانی کاتی منداڵی لە کەسەکەدا  درووست دەبێت. کاریگەری دایك و باوك لە سەر سەوادی منداڵ لە کاتێکدا کە منداڵەکە هێشتا توانایی خوێندنەوەی نیە،  زیاترە.

ژمارەی ئەو کتێبانەی لە ماڵەوە هەن، چێرۆك گێڕانەوەی رۆژانە و سەردانی بەردەوامی کتێبخانە گاریگەرییەکی گرینگ لە سەر عادەتی خوێندنەوەی منداڵەکە دادەنێت. لێکۆڵینەوەکان وادەریانخستووە کە تاکوو تەمەنی سێ ساڵان، منداڵی ئەو خێزانانەی کە کتێب دەخوێننەوە 20 ملیۆن وشە زیاتر لە منداڵی ئەو خێزانانەی کە ناخوێننەوە،دەبیسن.

ئەگەر منداڵ پێش هاتنی بۆ فێرگە توانایی تێگەیشتنی پیتەکانی هەبێت و بتوانێت ژمارەیەك لە وشەکان بخوێنێتەوە، ئاستی خوێندنەوەی لە کاتی گەورەساڵیشدا لە سەرەوە دەمێنێتەوە. کاریگەری خوێندنەوەی کتێب بەدەنگی بەرز لە سەرکەوتووی منداڵان لە کاتی گەورەساڵیدا زیاترە لە کاریگەری پێشینەی کۆمەڵایەتی ئابوری دایك و باوك.



بەپێی لێکۆڵینەوەکان، منداڵێك کە بەردەوام کتێبی بۆ دەخوێنرێتەوە، دادپەروەرتر و خاوەن کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی باشترە. کەسی گەورەساڵی چالاك و کۆڵەرەوە پێدەچێت دایك و باوکێکی هەبووبێت کە لە کاتی منداڵیدا کتێبیان بۆ خوێندوەتەوە. ئەگەر عادەتی خوێندنەوە لە کاتی منداڵیدا هەبووبێت، کەسەکە لە گەورەساڵیدا بۆ دەربڕینی بۆچوون و گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی رێگایەکی ئاسانتری لەبەردەمدا دەبێت.

Svenska kulturfonden

WSOY:n kirjallisuussäätiö

LUKUKESKUS LÄSCENTRUM

Lue lapselle.

# کتێب خوێندنەوە بۆ هەموو قۆناغەکانی تەمەن پێویستە

**کۆرپە بیسەرێکی هۆشیارە**

دەنگی ئاشنای ئەندامانی خێزان بە بەرزی و نزمی بگۆڕی خۆراکە بۆ زمانی منداڵ.
زمانی دایکی دارا باشترین دیارییە بۆ منداڵ.

**منداڵی 6 مانگ وەکوو کەرەستەی یاری حەزی لە کتێبە**

منداڵ بۆنی کتێب دەکات و تامی دەکات و یاری پێدەکات. پیتی سادە و رەنگە شادەکانی کتێبە مقەوایی بۆ منداڵ جێگای سەرنجە.

**منداڵی 1 ساڵان حەزی لە چیرۆکە رۆژانەکانە**

توانای قسە کردنی منداڵ بە بیستنی هۆنراوەکان و گۆرانیە ریتمدارەکان بەهێز دەبێت.
گێڕانەوەی کورتە چیرۆك یان گووتنی لای لایە منداڵەکە پێش نووستن ئارام دەکاتەوە.

**منداڵی 2 3 ساڵان وشەی نوێ فێردەبێت**

کاتی گێڕانەوەی چیرۆك لە حاڵەتێکدا کارتێکەر دەبێت کە کەسی گەورەساڵ پرسیار لە منداڵەکە بکات کە وێنەکانی کتێبەکە چ رووداوێك نیشان دەدەن. پاش باشتربوونی توانایی چڕبوونەوەی منداڵەکە، دەکرێ کتێبێ وێنەیی جێگای کتێبێ مقەوایی بگرێتەوە.

**منداڵی 4 5 ساڵان ئەلف و بێی ژیان لە چیرۆکەکانەوە فێردەبێت**

منداڵ بە بیستنی چیرۆك دەتوانێت ترس و هەستی جۆراوجۆر لە شوێنێکی بێ مەترسیدا ئەزموون بکات. منداڵ بە هۆنراوە و گۆرانی پاڵپێوەدەنرێت کە خۆی یاری زمانی ئەنجام بدات.

**منداڵی 6 ساڵان بە سواری باڵی خەیاڵ دەبێت و دەفڕی**

ئێستا منداڵەکە ئامادەی بیستنی چیرۆکی درێژترە. قسەکردن لەسەر چیرۆکە خوێنراوەکان بۆ گەورەساڵانیش سەرنجڕاکێشە.

**منداڵی 7 ساڵان بەرپرسیارێتی کتێبەکان و وشەکان قبووڵ دەکات**

منداڵ حەز بەو وشانە دەکات کە پێشتر حەزی لە خوێندنەوەیان بووە. فێربوونی خوێندوە خاڵی سەرنجی پڕبەهایە. کاتی چیرۆك گووتنەوە ساڵانێکی درێژ بۆ منداڵ و کەسی گەورەساڵ بەیادە وەری دەمێنێتەوە.

